# دەیکڕێنیت، پاشان بەدەستت لەگەڵ ئاوەکە دەیشۆیت، وئاوی پێدا دەکەیت، ونوێژی پێوە دەکەیت

لە ئەسمائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەگەر یەکێکمان تووشی سووڕی مانگانە بوو لە جلێکدا، چی لێبکات؟ ئەویش فەرمووی: «دەیکڕێنیت، پاشان بەدەستت لەگەڵ ئاوەکە دەیشۆیت، وئاوی پێدا دەکەیت، ونوێژی پێوە دەکەیت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەسماء -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە خوێنی سووڕی مانگانە لەسەر جل، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چۆنییەتی لابردنی ئەم خوێنەی لەسەر جل باسکرد ئەویش ئەوەیە پێویستە ئافرەت سەرەتا بیکڕێنێت بە نینۆکەکانی بۆئەوەی بنچینەکەی نەمێنێت وپاشان بە دەستەکانی دەیشوات بۆئەوەی شوێنەواری خوێنەکە نەمێنێت، پێویستە ئەم ڕێزبەندیە ڕەچاو بکرێت کە باشترینە بۆ لابردنی پیسی وخوێنی سەر جل، چونکە ئەگەر بە پێچەوانە بێت ئەوا پیسی وخوێنەکە دەمێنێت، بۆیە شوێنەواری خوێنەکە لەوەی پێشووتر زۆرتر دەبێت، ئەگەر هەنگاوەکان جێبەجێ بکات وجوان جلەکە بشوات بە ئەم هەنگاوانە ئەوا دەتوانێت نوێژی پێوە بکات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee